www.kurdistannet.org
11-10-2006 9:06 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# شەقامی پزیشکان و گەنجە قژ لولەکە... رزگار کۆچەر

rzgar_kochar@hotmail. com

ئەوان چەند جارێك هاتن و چون بە پێکەنێکی ئیستفزازیەوە بەرو رووی دوو ئافرەتەکە هاتن وگوتیان (ئەری عیادەی دکتۆر... لە کێیە) ئەوان بە گاڵتەوە پرسیارەکەیان کرد دوو ئافرەتەکەش نێگایەکی ئەو لاو ئەو لایەن کردوو گوتیان بمان بورن نازانین...

ویستم پێیان بڵێم ئێوە نابێت نەخوێندەوار بن... بۆ تەنها لە ئافرەتان دەپرسن... ویستم بچم دانم بە خۆم داگرت بەڵام کە دیم دەیانەوێت قۆڵێك لەو کچە هەرزەکارە دەن خۆم پی نەگیراو لێیان چومە پێش وگوتم دەتوانم هاوکاریتان بکەم؟؟

ئەوان چاوەڕییی ئەوە نەبوون... ئەوان لە نێجیری خۆیان دەگران کە من پێم گوتن دەمەوێت هاوکاریتان بکەم ئەوان دایان لە قاقەی پێکەنین و گوتیان بەڵی ئێمە لە دوای پزیشکی نوینۆك یەشان دەگەرێن!!!

ئەوان و من باشمان دەزانی پزیشك نیە تایبەت بێت بە نینۆك یەشان بەڵام بۆ ئەوەی من زیاتر توشی شك وگومان کەن بەم شێوەیە وەڵامیان دامەوە... ماوەیەك لێیان گەرام و دوور و نزیکش سەیرێکم دەکردن ودەم زانی ئەوان تەنها بۆ خۆ لێخشاندن و دەست لە سمت دانی ئافرەتان لەم شوێنەن، ئەم جارە چاوم گێرا گوتم بەڵکو پۆلیسێك لەم شوێنە بێت تا پیی بڵێم دەکرێت چاودێری ئەو دوو گەنجە بکەیت، زۆر چاوم گێرا هیچ لە پۆلیسەکانی ئەم شوێنەم بەرچاو نەکەوت، ئەوانیش زیاتر لە دە جار بەردەمم دەهاتن ودەچون و هەر لە پێکە نین و چاو چاوانیی خۆیان بەردەوامبوون. ئەم جارە دیسان سلاوم لێکردن و گوتم باش نیە ئەو کارەی ئێوە دەی کەن...

ئەوان کە من ئەو قسەیەم روو بەروو کردنەوە یەکێکیان دەستێکی بۆ قژی بردو بە پەنجەکانی پرچە رەشە لول و درێژەکەی خوراندوو گوتی خۆ دەست درێژیمان لە تۆ نەکردوە!!!

ئەوی تریش گوتی قابیلە جەنابت شورتەی لێمان دەپێچیەوە؟؟؟

منیش گوتم کاکی خۆم ئەوە شتێکی هەڵەیە ئاخر لەوانەیە جارێك نەزانیت دەستێکیش بۆ دایکت یان خوشکیشت درێژ بکەیت!!

کە من ئەو قسەیەم کرد ئەوی تر گوتی ئاخر دایك وخوشکی من نەخۆش نین و گەر نەخۆشیش بن ئەوا خۆمان لەگەڵیان دێین...

ویستم زیاتر قسەیان لەگەڵ بکەم یەکێکیان گەر هەڵە نەبم ناوی ئەحمەد بوو گوتی کاکی عارەبانەکەت راکێشە ئێمە نەخۆشین و بەرۆژوین تا مەلا بانگ دەدا هەموو ئێواران بە دوای ئەو دکتۆرە دەگەرێن کە دەزانێت چۆن چارەسەرمان دەکات...

کە ئەو ئەم قسەی کرد منیش گوتم بەڵی بەڵی راستان بێژی ئێوە نەخۆشن پێویستان بە چارەسەریەکی درێژ خایەن هەیە...